
ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# نوێترین ڕۆمانی حەلیم یوسف بڵاوکرایەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

حەلیم یوسف، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان تازەترین ڕۆمانی خۆی بەناوی وەحشێ د هوندرێ من دە (دڕندەیەک لە ناخی مندا) بڵاوکردەوە.

ڕۆمانی نوێی حەلیم یوسف کە لە 144 لاپەڕە پێکهاتووە، لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی پەیوەند لە باکووری کوردستان بڵاوکرایەوە.

حەلیم یوسف لەم ڕۆمانەدا باسی پرسی دڵڕەقی و توندوتیژی و دڕندەیی ناخی مرۆڤەکان دەکات و بە شێوازێکی ئەدەبیی قووڵ تیشک دەخاتە سەر بابەتی ترس.

حەلیم یوسف لە ڕۆمانەکەیدا ڕووداوەکان و توندوتیژی و دڕندایەتیی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی شەڕی سووریا دەکاتە نموونە.

'دڕندەیەک لە ناخی مندا' پێنجەم ڕۆمانی حەلیم یوسفە. ڕۆمانەکانی دیکەی ئەو نووسەرە بریتین لە: سۆبارتۆ (1999)، ترسی بێ ددان (2006)، کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن (2008) و 99 مووررووی پەرشوبڵاو (2015)

حەلیم یوسف ساڵی 1967 لە شاری عامووودێ لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، لە زانکۆی حەلەب خوێندنی مافی تەواو کردووە و لە ساڵی 2000ەوە لە ئەڵمانیا دەژی. بەدەیان وتاری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو کردووەتەوە و گەلێک بەرهەمیشی تا ئێستا وەرگێڕدراون بۆ زمانی تورکی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، ئاڵمانی و شێوەزاری سۆرانی.

## (فەلسەفەی کانت)ی دکتۆر محەممەد کەمال لە بازاڕە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە درێژەی ئەو کتێبە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییانەدا کە چاپیان دەکات، ئەمجارە کتێبی "فەلسەفەی کانت"ی لە نووسینی د.محەممەد کەمال بڵاوکردەوە.

ئەم کتێبەش وەکو کتێبە دانسقەکانی تری د.محەممەد کەمال، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و وردە لەسەر فەلسەفەی فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی ئێمانوئێل کانت.

ئەم کتێبە لە یانزدە بەش پێکهاتووە کە ئەمانەن:

1- پرۆژەی فەلسەفیی کانت
2- سەرچاوەکانی فەلسەفەی کانت
3- کانت و شۆڕشی فەلسەفیی کۆپەرنیکۆسی
4- کانت و فەلسەفەی ڕیالیزمی ترانسێندنتاڵ
5- دەرککردنی هەستەکی و مەرجە لەپێشترەکانی
6- لۆجیکی ترانسێندنتاڵ و تێگەیشتن
7- دیالەکتیکی ترانسێندنتاڵ
8- مێتافیزیک و فەلسەفەی ئاکار
9- دیالەکتیکی هۆشی پراکتیک
10- فەلسەفەی جوانی
11- فەلسەفەی کانت پاش کانت

کتێبەکە لە 365 لاپەڕە پێکهاتووە و ئێستا لە کتێبفرۆشییەکان بەردەستە.

## "کەچە کۆمار"ەکەی ئەسوانی دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هەڵکەوت عەبدوڵڵا، نووسەر و وەرگێڕی کورد، بەرهەمێکی ئەدیبی میسری عەلا ئەلئەسوانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بەمنزیکانە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بڵاودەکرێتەوە.

هەڵکەوت عەبدوڵڵا لە لێدوانێکدا بۆ (ئەدەب و کولتووری ڕووداو) باسی هۆکاری وەرگێڕانی ڕۆمانی (جمهوریە کان)ی ئەسوانی دەکات و دەڵێت: "بەدوای هەڵبژاردنی کتێبێکدا دەگەڕام کە لەگەڵ دیدگای وەرگێڕانی خۆمدا بگونجێت. کاک ئازاد بەرزنجی سەرۆکی دەزگای سەردەم باسی ئەم کتێبەی بۆ کردم کە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لەلایەن (دار الاداب) بڵاوکراوەتەوە و هەرای ناوەتەوە. بابەتەکە سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە دەستوبرد لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیدام کرد و پاش خوێندنەوەی، بڕیاری وەرگێڕانیم دا".

هەڵکەوت عەبدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕۆمانەکە لە بنچینەدا ناوی (جمهوریە کان) واتە (کۆمارێکی وەک ئەوە) یە کە عەلا ئەلئەسوانی سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرلەنوێی موبارەک بۆ پۆستی سەرۆککۆماری نووسیبووی. بەڵام هەڵکەوت عەبدوڵڵا پاش ڕاوێژ و پرسیارکردن بە کۆمەڵێک شارەزا، ناونیشانی "کەچە کۆمار"ی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە هەڵبژارد: "چونکە ئەو کۆمارەی ئەو ڕەخنەی لێ دەگرێت، بنەماکانی کۆماری تێدا نییە و گیرۆدەی دەستی گەندەڵی و سەربازگەری و ئاسایشخوازییە".




هەڵکەوت عەبدوڵڵا دەڵێت: "ڕۆمانەکە باسی چەند قۆناغێکی مێژووی میسر دەکات، قۆناغی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی کانوونی دووەم، قۆناغی شۆڕش و گۆڕەپانی ئازادی، قۆناغی تێکشکانی خەونی شۆڕش لە ئەنجامی هاوپەیمانێتی سەربازگەری و گەندەڵکاران و ئیسلامی سیاسی (ئیخوان موسلیمین).

هەڵکەوت عەبدوڵڵا، تا ئێستا 10 کتێبی نووسیوە و 37 کتێبی وەرگێڕاوە، لەگەڵ 54 کتێبی وەرگێڕدراوی تایبەت بە منداڵان.

## ئاسۆی خەیاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکرایەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

یەکەمین بەرهەمی شیعریی محەممەدفاتیح محەممەدی ناسراو بە (ف.نامۆ)، بەناوی (ئاسۆی خەیاڵ) کەوتە بەر دیدەی خوێنەری کوردزمان. ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی نوێبوونەوەی شێعری کوردین لە ڕۆژهەڵات، بەم ناوە ئاشنان و زۆر هۆنراوەی ئەم شاعیرەیان لە گۆڤارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەت لە (سروە)دا بەرچاو کەوتووە.

ف.نامۆ، دۆست و هاوکاری (سوارە ئێلخانی زادە) بووە لە ڕادیۆی کوردیی تاران و بە یەکێک لە پێشڕەوانی شیعری هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە ئەژمار، بەڵام لەبەر ڕەوشی تایبەتی ژیانی خۆی، زۆر درەنگ ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە شیعرەکانی بە کتێب بڵاوبکاتەوە.

ف.نامۆ، ساڵی (1947) لە شاری سەقز لەدایک بووە و ئێستا خانەنشین و دانیشتووی تارانە.

ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی 'ئامیار' لە شاری سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

# نیشتیمان مێردێکی ناحەزە لێی جیابوومەوە

## شیعری؛ نەزەند بەگیخانی



**که یەکەم جار بینی**
**لەسـەر بەرماڵەکـەی دایکـم مەلۆتکەیـەک بـوو نیشـتمان**
**لـە دیـواری پشـت سـەری باوکـم تابلـۆی شاسـوارێک بـوو**
**خەنجەرێکی لەبەر پشت و**
**سنگی بە پشتێنەی گولله رازاو**
**لە خەیاڵی برا بچکۆلەکەمدا هەرقەل بوو نیشتمان**
**لە دەفتەری برا گەورەکەم قوربانیی سەردەم**
**لەلای خوشکەکەم بووکەڵەیەک**
**بۆ منیش نیشتمان پیاوێکی زراف بوو**
**یەکەمین عەشقم بوو**
**چاوباشقاڵ، سمێڵ رەش**
**نیگاکانی وەک پرسیار دەجووڵان**
**بانگیان دەکردم بۆ دوان**
**لە یەکەمین دیداردا**
**ئەو لە وێستگەی پاسەکە جگەرەی دەکێشا**
**بە دەستی چەپی پەرچەمی هەڵدایە دواوە و**
**برۆی لە جووڵەیەکی هەوەسبازانەدا هەڵتەکاند**
**بەفیزانە بزەیەکی کرد**
**من تەزوویەکی گەرمم پێداهات و**
**یەکەمین ترپەی دڵ و یەکەمین داگیرسان**
**بووم بە عاشقی نیشتمان**
**لە ئەندێشەی ئەودا من عەزرا بووم**
**نیانترین بوونەوەر**
**مەلێکی ئاوی بووم**
**بەسەر جوگرافیای جەستەدا**
**تەڕ تەڕ فڕیم**
**تەڕ تەڕ پێکەنیم**
**تەڕ تەڕ گریام**
**تەڕ تەڕ خوێنم لەبەر رژا**
**ئینجا بوومە ئاوێزانی و**
**بە ئەندازەی ئارەزوو جوانیم پێبەخشی**
**چێژم تێکەڵ بە شادەمارەکانی کرد و**
**پێستیم بە برژانگ رەنگرێژ کرد**
**لە یەکەمین پێکەوەبووندا**
**سیمای نیشتمان هەڵبزڕکا**
**بە زریکەیەک**
**دڵی شەو راچڵەکا**
**جوگرافیام بوو بە کێلگەی ترس و**
**هاوارێک لە نیشتمان هەڵسا:**
**کوا خوێن**
**بۆ شادەمارەکانی شەرەفم؟**
**کـوا خشـتی رووسـپییەتی بـۆ بنیاتنانـی دیـواری پیاوەتیـم؟**
**لەوکاتەوە بووم بە چاوشۆڕ و دەرپێ شۆڕ**
**رووڕەش، گوناهبار**
**بە کێمی برینەکان خۆم مۆمیارێژ دەکەم،**
**کێلگەی ترس تەی دەکەم و**
**گوێ لە لێدانی دڵی تاریکی دەگرم**
**خوێنم هەڵمی لێهەڵدەستێ و**
**تێکەڵ بە گڕی گریانی دایکانی نیشتمان دەبم**
**رۆژانە دەسووتێین**
**بە پشکۆی ئارەزووە بەدەکان**
**بە کڵپەی نیشتمانپەروەری**
**ئێمە داغ بووین بەو سرووده گەرمانەی هۆز**
**دڵ و**
**جەستە و**
**هزر و**
**هۆشمان توانەوە**
**ئەفسانەیەک وەک مسی شل**
**شەپۆڵ دەدا**
**کەنارەکانمان کەف دەکا**
**پێستمان دڕکاوی**
**سەرمان کرمی خەباتی هەڵهێناوە**
**لەناو کوورەی ئەو زاتە پیرۆزە**
**دادەچۆڕێین بەرە و کەندڕ**
**چارەنووسێکی رەش**
**وەک تارا کچەکان دادەپۆشێ**
**وەک چارۆگە دایکەکان دەپێچێتەوە**
**کاتێ لاشەی کوڕەکان هەڵدەگرن**
**بۆ ژێر پەرچەمی نیشتمان**
**بە سرودی 'یا کوردستان یا نەمان'**
**دروشمی 'ئەی شەهیدان'**
**خۆمان فریو دەدەین و**
**بە هێڵی خۆڵەمێشیی دوێنێ هەڵدەگەڕێین**
**بۆکڕووزی درەختەکان**
**وەک بخـور لـە پەرسـتگاکانی نیشـتمانپەروەری دەپژێنیـن**
**دڵی بێوەژنانی نیشتمان دەدەینەوە**
**دەست بە پشتی کچە عازەبەکان و**
**پرچی رشکاویی منداڵە هەتیوەکاندا دێنین**
**فوو لە گڕی سەر سنگی دایکەکان دەکەین**
**کاتێ کوڕەکانیان بۆ جەنگ بەڕێ دەکەن**
**بێدەنگ چاویان لە ئاسمان دەبڕن و**
**لە لێکدانی باڵی قەلەڕەشەکان**
**ئەوان قەدەری نیشتمان دەخوێننەوە**
**دەڵێن ئەمە دوا دیدارە**
**دەشێ تەرمی کوڕەکانیان ببێتە گۆشتی باز و**
**ئێسـک و پروسـکیان لـە توورەکەیەکـی نایلۆنـدا رادەسـت بکرێتـەوە**
**ئینجـا خۆیـان لـە خـۆڵ و خـم هەڵدەکێشـن دایکانـی نیشـتمان**
**ئێسقانی کوڕەکانیش لە کفنێکی ئاڵدا**
**لە ناخی بەردینی نیشتمان دەڕوێنن**
**سـەیری ئـەو هەمـوو پەیکـەرە ئێسـقانە بکـەن لەسـەر سـنگی ئـەم خاکـە لەسـەمادان!**

**کچەکانیش**
**کچانی نیشتمان زەردترین گەڵان**
**لەسەر ماتەمی وەرزەکان**
**جەستەیان کردۆتە کەموڵەی خەون**
**کەموڵەی ئەفسوونی نیشتمان**
**خۆیان گرمۆڵە کردووە و**
**وەک مێرووله دەڕژێنە ناو پەرستگای خاک**
**لە مەراسیمێکی دۆزەخیدا**
**خۆیان دەبەخشن بەو زاتە موبارەکە**
**بەو هێما نادیارە**
**کە وەک پیاوێکی چاوباشقاڵ شەیدایان دەکا و**
**وەک خودا ئاوایان دەکا**
**کچـەکان دەسـتیان دەخەنـە نـاو دەسـتە شـەهوەتییەکانی نیشـتمان و**
**تێکەڵ بە تۆز و بای رۆژەکان دەبن**
**لە پڕ جوانی دەکەوێ**
**وەک بەردێکی بۆر**
**رووی هەمووومان هەڵدەتۆقێ**
**ئینجا ئێمە هەڵدەچین**
**دەخزێینە ناو کونجی بێدادی**
**لەسەر سنووری بێباکی**
**لەبەر دەرگای شکان**
**ئاوڕ دەدەینەوە و بیرمان دەچێتەوە ئێمە کێین**
**لە کوێوە هاتووین و**
**بەرەو کوێ دەچین؟**
**ئێمە دەبینە پەندی سەردەم و**
**نەخشی سەر سیمای نیشتمان**
**نیشتمانیش لە سیمای سیاسییەکی براکوژ**
**لە سیمای پیاوێکی شەڕەفپارێز**
**لە سیمای برایەکی خوشککوژ**
**لە سیمای باوکێکی هۆشکوژ**
**لە سیمای هەرزەکارێکی خۆکوژ**
**ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە و**
**چڕنووکمان لێدەگرێ**
**کچەکانی گەڕەک هێشتا تەزوویان پێدادێ و**
**باڵی باڵندەیەکی وێڵن لەناو بای نیشتمان**
**لەژێر شاپەڕی هەور و شەققەی هەوەس**
**دەبنە سەرگەردانترین گەردی گەردوون**
**منیش گەڵایەکم ئاسۆییانە دەفڕم**
**ئاسمانم وشە و پەرستگام نووسین**
**لە یەکەمین وێستگای هۆشیاریدا**
**بڕیارنامەی تەڵاق دادەڕێژم:**

"نیشتمان مێردێکی ناحەزە و لێی جیابوومەوە" (1)

***************

فرسەت رۆژبەیانی



ناونیشـانی ئـەم شـیعره زۆر شـتمان بـۆ روون دەکاتـەوە، بـەڵام ئێمـە ئەگـەر تـەواوی شـیعرەکە بخوێنینـەوە، دەبینیـن لەبـەردەم تێکسـتێکداین کـە زۆر جیـاوازە لـەو ڕەوتـەی ئێسـتا لـە ئەدەبـی کوردیـدا بـاوە، بابزانیـن چـۆن؟

لـە شـیعردا دوو شـت زۆر گرنگـن. تـۆ دەتەوێـت چـی بێژیـت و بـەچ فۆرمێـک دەیڵێیـت، ئەمـە وا دەکات کـە خوێنـەر شـیعری ئـەم شـاعیر بخوێنێتـەوە و هـی ئـەوی تـر نـا.

لێـرەدا نەزەنـد نیشـتیمانی بـە مێردێکـی ناحـەز شـوبهاندووە ، بـەڕای مـن گەورەتریـن داهێنـان لـەم شـیعرەدا ئەمەیـە کـە نیشـتیمانی کـردووە بەنێـر و هـەم کردوویەتـی بـەو پیـاوەی کـە خۆشـیدەوێت و هـەم هەمـان پیـاوە کـە دەیچەوسـێنێتەوە. شـاعیر خـۆی بەشـدارە و بـاس لەخـۆی دەکات. نـەک هـەر ئـەوە، مێـژوو و چیرۆکـی کـچ و ژنانـی ناهۆشـیاریش دەگێڕێتـەوە، بـاس لـە ئازارەکانیـان دەکات لەگـەڵ (پیـاو/ نیشـتیمان).

لـەلای کـورد وشـەی نیشـتیمان مێیـە و نێـر نییـە، بـەڵام لـە هەنـدێ زمـان و کولتـووری دیکـە (لـە ئەڵمانیـدا بـۆ نموونـە) نیشـتیمان باوکـە و نێـرە، نیشـتیمانی نەزەنـد هـی پیاوانـە و پیـاو داگیریـان کـرووە و بـە درێژایـی و پانایـی ئـەم نیشـتیمانە تەنهـا پیـاوت لـێ دیـارە.

ئـەم نیشـتیمانە لای شـاعیر پیاوێکـە بـەڵام چـۆن پیاوێـک؛

**(کە یەکەم جار بینیم**
**لەسـەر بەرماڵەکـەی دایکـم مەلۆتکەیـەک بـوو نیشـتیمان**
**لـە دیـواری پشـت سـەری باوکـم تابلـۆی شاسـوارێک بـوو ......**
**لە دەفتەری برا گەورەکەمدا قوربانیی سەردەم**
**لەلای خوشکەکەم بووکەڵەیەک....)**

—

شـاعیر دێـت لێـرەدا تابلۆیەکـی زۆر رۆمانسـی دەنەخشـێنێ کـە هـی پیاوێکـە نـەک هـەر لای ئـەو کەسـێکی گـەورە و مـەزن و جوانـە ، بەڵکـو لای هەمـوو خێزانەکەشـی نموونـەی پیاوێکـی زۆر " پیاوانەیـە " کـە خەونـی هەمـوو کەسـێکە و زۆر بەئاسـانی ژنـەکان حەیرانـی ئـەو پاڵەوانانـە دەبـن لـە هەمـوو ولات و سـەردەمێکدا

دوای ئـەوە پەیوەنـدی ئـەم پیـاوە نیشـتیمانە بـە شـاعیرەوە چییـە و چـی لێدێـت بـا بزانیـن؛

**(بۆ منیش نیشتمان پیاوێکی زراف بوو**
**یەکەمین عەشقم بوو**
**چاوباشقاڵ، سمێڵ رەش ......**
**بەفیزانە بزەیەکی کرد**
**من تەزوویەکی گەرمم پێداهات و**
**یەکەمین ترپەی دڵ و یەکەمین داگیرسان**
**بووم بە عاشقی نیشتمان ......)**

—

کەواتـە ئـەم پاڵەوانـە نیشـتیمانە یەکـەم عەشـقی شـاعیرە یەکـەم کـەس بـووە کـە وای کـردووە شـاعیر یەکـەم ترپـەی دڵـی بـۆ ئـەم لێبـدات، لێـرەدا ئـەم دەقـە قووڵـی و جوانیـی خـۆی لـەوەدا دەردەخـات کـە خوێنـەر نازانێـت ئایـا عاشـقی کەسـێک بـووە یـان عاشـقی نیشـتیمانەکەی بـووە ؟

تێکەڵکردنـی ئـەم دوو تێرمـە و گرێدانیـان بەیەکـەوە و گێڕانـەوەی رووداو بـەم شـێوەیە وای کـردووە کـە ئـەم شـیعرە وا بـەرز بێـت، هـەر ئەمەشـە وا دەکات کـە ئـەم دەقـە لـە شـیعرێکی تـر جیاوازتـر بێـت، ئـەی باشـە ئـەم پیـاوە نیشـتیمانە چـۆن سـەیری نووسـەری ئـەم تێکسـتە دەکات؟

—

**(لە ئەندێشەی ئەودا من عەزرا بووم**
**نیانترین بوونەوەر**
**مەلێکی ئاوی بووم**
**بەسەر جوگرافیای جەستەدا**
**تەڕ تەڕ فڕیم..........)**

—

بێگومـان وەک هـەر پیاوێکـی شـەرقی دەبێـت ئـەو ژنـەی ئـەو خۆشـیدەوێت وەک مەریەمـی عـەزرا بێـت و کـەس دەسـتی لـێ نەدابێـت. وەک دوایـی بۆمـان دەردەکەوێـت، ئـەوان یەکتریـان خۆشویسـتووە و چێژیـان بەیـەک بەخشـیوە، لێـرەدا نووسـەر وەک هـەر ژنێکـی تـر وا دەزانێـت کـە چێـژ دەبەخشـێت لەهەمـان کاتـدا چێـژ وەرناگرێـت، ئەمـە باسـێکە نامەوێـت زۆر پێـی لەسـەر داگـرم، بـەڵام لێـرەدا بەمەبەسـت ناڕوونییـەک لـەم تێکسـتەدا هەیـە، کـە ئایـا بۆچـی نیشـتیمان یـان عاشـقەکەی تێناگات لـەوەی ئـەم ئیتـر پاکیـزە نەمـاوە و لەگـەڵ (نیشـتیمان / پیاوێـک) خەوتـووە و خوێنیشـی لەبـەر رژاوە و لـە یەکـەم پێکەوەبوونیانـدا، پێویسـت نـاکات بـۆ روخانـی دیـواری پیاوەتـی بگریێـت، لێرەشـدا گەمەیەکـی سـتاتیکی هەیـە کـە وا دەکات دیسـان دووانـەی (نیشـتیمان/ پیـاو)وەک یـەک کـەس دەربکـەون ، بەڕادەیـەک کـە ئەگـەر بەدیقـەت نەخوێندرێتـەوە، خوێنـەر لـەوە تێناگات بۆچـی پیاوەکـە وا تـووڕە دەبێـت دوای ئـەوەی بـۆی دەردەکەوێـت کـە ئـەم چیتـر پاکیـزە نەمـاوە.

—

**(لە یەکەمین پێکەوەبووندا**
**سیمای نیشتمان هەڵبزڕکا**
**بە زریکەیەک**
**دڵی شەو راچڵەکا**
**جوگرافیام بوو بە کێلگەی ترس و**
**هاوارێک لە نیشتمان هەڵسا:**
**کوا خوێن**
**بۆ شادەمارەکانی شەرەفم؟**
**کـوا خشـتی رووسـپییەتی بـۆ بنیاتنانـی دیـواری پیاوەتیـم؟)**

—

ئیتـر کـە پیـاو یـان نیشـتیمان لێـت تـووڕە بـێ و تـۆ بوونەوەرێکـی مـێ بیـت، ئـاوا سـەرگەردان دەبیـت.

—

**(لەوکاتەوە بووم بە چاوشۆڕ و دەرپێ شۆڕ**
**رووڕەش، گوناهبار**
**بە کێمی برینەکان خۆم مۆمیارێژ دەکەم،**
**کێلگەی ترس تەی دەکەم و**
**گوێ لە لێدانی دڵی تاریکی دەگرم**
**خوێنم هەڵمی لێهەڵدەستێ و**
**تێکەڵ بە گڕی گریانی دایکانی نیشتمان دەبم ...)**

—

ئەمـە یەکەمجـارە بـاس لـە دایکانـی نیشـتیمان دەکرێـت، کەواتـە ئـەو هیـچ فەرقێکـی نییـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ژنانـەی تـر کـە بەهـۆی نیشـتیمانەوە وایـان بەسـەر هاتـووە، بـەڵام (پیـاو/ نیشـتیمان) نایانەوێـت لـەم شـتە تێبگـەن، بۆیـە پرۆتاگۆنیسـت * گـوێ لـە لێدانـی تاریکـی دەگرێـت و خوێنـی هەڵمـی لێهەڵدەسـتێ و تێکـەڵ بـە گـڕی گریانـی دایکانـی نیشـتیمان دەبێـت، ئەمەیـان ئاماژەیـە بـۆ کوشـتنی ئـەو هەمـوو ژنـەی کـە بەهـۆی لەدەسـتدانی پاکیزەییـان تەنهـا گومانێـک دەبێتـە هـۆی ئـەوەی خوێنیـان برژێـت و گـڕی گریانـی دایـکان لـەم نیشـتیمانە نەبڕێـت.

بـۆ ژن ئـەم نیشـتیمانە تەنهـا دۆزەخێکـە کـە کوردایەتـی و خەبـات تەنیـا ئاکامەکانـی بـۆ ئەمـان داغبوونـە، ئەفسـانەیەکە دڵ و جەسـتە و هۆشـی ژنانـی داگیرکـردووە و چارەنووسـێکی ڕەش چاوەڕێـی کچـان دەکات لـەم نیشـتیمانەدا،

—

**(رۆژانە دەسووتێین**
**بە پشکۆی ئارەزووە بەدەکان**
**بە کڵپەی نیشتمانپەروەری .....**
**سەرمان کرمی خەباتی هەڵهێناوە**
**لەناو کوورەی ئەو زاتە پیرۆزە**
**دادەچۆڕێین بەرەو کەندڕ**
**چارەنووسێکی رەش**
**وەک تارا کچەکان دادەپۆشێ)**


—

تـا ئێسـتا زیاتـر بـاس لـە کچانـی نیشـتیمان بـوو. بـەڵام لێـرە بـەدوا ئیتـر بـاری دایکانیـش وێنـا دەکرێـت کـە چـۆن بـووە کاتـێ کوڕەکانیـان شـەهید دەکرێـن، چـۆن ژنـان فریویـان خـواردووە بـە پارۆلـی (کوردسـتان یـان نەمـان)، هەروەهـا دەسـتگرتنی ژنـان بـە ئایـن و کولتوورێکـەوە کـە بـۆ دواوەیـان دەبـەن و بخـور لـە پەرسـتگاکاندا دادەگیرسـێنن بـۆ بەردەوامیـدان پێیـان، ژنـان هـەم داغبـووی نیشـتیمانن هـەم هـی پیـاو. ئـەم پیـاوە لـەم تێکسـتەدا زۆر ڕووی هەیـە، جارێـک برایـە جارێـک کـوڕە و شـەهید دەبێـت و جارێکـی تـر دەسـگیرانە و جارێکـی دی پیاوێکـی دڵڕەقـی شـەرقیە.

**(وەک چارۆگە دایکەکان دە پێچێتەوە**
**کاتێ لاشەی کوڕەکان هەڵدەگرن**

# شیعری کلاسیک و نوێ لەبەردەم پرسیاری "سەردەم" دا

عادل قادری





## لە نێوان دوو جیهان و بوونی جیاوازدا

هەر قسە و باسێک کە لەسەر ئەدەبی کلاسیکی ئێمە و بەتایبەتی شیعری کلاسیکی ئێمە دەکرێت، دەبێ بە وردبینی و زانیارییەکی مێژوویی و بابەتیانەی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا بە پارێزەوە بکرێت. پێگە و ڕۆڵی شیعری کلاسیک لە ئەدەبی هەموو دونیادا پێگەیەکی بناغەدانەر و ئیلهامبەخش بووە، هەم بۆ زمانی شیعری بەگشتی (بە کلاسیک و نوێوە)، هەمیش بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە و لە دواجاردا بۆ هەموو دەرکەوتە و سەنعەت و فیگەر (figure) و دەربڕین و گێڕانەوەیەکی زمانی؛ جا چ لە ئاستی سینەما و نیگارکێشاندا بێت یان لە ئاستی هەڵپەڕکێ و کایەکانی ناو ئەو پێکهاتە زمانی و مرۆییە، واتە هایدیگەر گوتەنی بەگشتی شیعر ڕەسەنترین و بێگەردترین دەرکەوتەی زمانی و بووناسانەی ئێمەیە. بەنیسبەت شیعری کلاسیکی ئێمەوە دۆخەکە هەم "ناسک"ترە و هەمیش "ئاڵۆز"تر، لەو لایەنەوە ناسکە کە ئێمە هێشتا خاوەنی دیسکۆرسێکی ڕەخنەیی زۆر جیددی و ڕێبازێکی شیکارانەی ئەدەبی نین، بۆیە بەدەر لە هەندێک هەوڵی شارەزایانە و لێهاتووانە و شایستە، ئەوەی لەبارەی شیعری کلاسیکەوە دەگوترێت، یان ستایشگەلێکی بێ هۆکار و مەبەستن، یان ڕەتکردنەوەگەلی سۆزئامێزانە بە سەودا و خولیای نوێبوونەوە و نوێکردنەوەوە کە ئەمەی دواییان لەناو ڕەوتی نوێخوازان و نوێترخوازاندا بەشێوەیەکی سەیر تا ماوەیەک زاڵ بوو. لەو لایەنەشەوە ئاڵۆزە کە شیعر وەکوو ڕووداوێکی زمانی- مەعریفی و دەرکەوتەیەکی بووناسانە لەناو هەر زمانێکدا مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، یان ئەگەر باشتر بڵێم وردە مێژوویەکی هەیە، ئێمە وەکوو پێکهات و بوونێکی زمانی لەم لایەنەوە بۆشایی زۆرمان هەیە، هەر ماوەیەک لەمەوپێش بوو کە کۆمەڵێک بەڵگە و شتی تازە لەبارەی ژیان و کاری نالییەوە کەشف کران- بەهەوڵی زانکۆی سۆران و بەشی دەستنووسخانە- ڕاستە ڕەنگە دۆزینەوەی وردەکاریی ژیان و ئیش و کاری نالی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە فام و خوێندنەوەی ئێمە بۆ نالی نەبێت، بەڵام ئاماژەیە بەو چۆڵەوانییە بەرینەی لە مێژووی ئێمەدا بەگشتی و بەگوێرەی ئەوەش لە شیعری ئێمەدا هەیە، یان ماوەیەک پێش بوو کە مەزاری فەقێ تەیران دۆزرایەوە- ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوە لەسەر پەیجی نووسەر بەکر شوانی وەرگرن- ڕاستە ئەم کەشف و دۆزینەوانە زۆرتر بابەتگەلێکی بان دەقییانە و دەرەوەی تێکستن، بەڵام نەفسی بۆشایی و چۆڵەوانییەکەمان بۆ دەردەخەن و ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەگەری هەبوون و کەشفی چەندین دەق و پاشکۆکانی شیعری کلاسیکی ئێمە لەئارادا هەیە، ڕەنگە هەر ئەم چاڵ و کەلێنە گەورە مێژووییە بووبێت کە کاری لەسەر بیچمنەگرتنی ڕەوت و ڕێبازە ڕەخنەییە درەوشاوەکان لەناو دونیای ئێمەدا کردبێت. بە هەموو ئەمانەشەوە لەکاتی ئێستادا ئێمە بە هەبوونی کۆمەڵێک شاعیری درەوشاوە و پرشنگدارەوە سامانێکی گەورەمان بۆ خەملاندنی ئاسۆیەکی ڕەنگین و زەنگینی شیعری لەبەردەستە، وەکوو کۆڵەکە و کوچکەکانی بابان (نالی، سالم و کوردی) و مەولەوی، خانای قوبادی، بێسارانی، حاجی قادر، شێخ ڕەزا، فایەق بێکەس و یان شاعیرانی موکریان (وەفایی، هێمن، کامیل و هێدی و...) و دەیان شاعیری تر کە لەژێر ناوی کلاسیکدا جێیان دەبێتەوە و من لە ناوهێنانیان خۆ دەبوێرم. ڕووداوێکی گەورە کە بەتایبەتی پاش جیهانیبوون (glo-balization) و کرانەوەی زۆربەی دەرگاکانی جیهان بەڕووی ئێمە (بەپێی فام و تێگەیشتنی خۆمان)، ڕووبەڕووی جیهانی کلاسیکی و بەپێی ئەوەش شیعرمان بووەوە، حەزی نوێبوونەوە و داهێنان و دەربازبوون لە چوارچێوەی قاڵب و تەکنیکەکانی شیعری کلاسیک بووە وەک گۆران لە شیعرێکیدا دەڵێ:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم/
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ جیهانی کلاسیکی و شیعری کلاسیکی بەپێی ئەو کرانەوەیە بە دوو ئاقاردا جووڵەی کردووە: یەکیان ئاقاری داهێنان و نوێکردنەوە بە پشتبەستن بە کۆڵەکە کلاسیکییەکان کە ئەم ئاقارە دەتوانین وەکوو واسازی (deconstruc-tion) یان پێکهاتشکێنی وێنای بکەین، واتە هەم نەریتی زمانی و مانایی و مەعریفیی شیعر و جیهانی کلاسیکیان خوێندووەتەوە و هەمیش پاش خوێندنەوەی لەڕووی تەکنیک و ماناوە توێکڵ و پیلەی ئەو جیهانەیان شکاندووە و لێی تێپەڕیون، ئەگەرچی لەم ڕووەشەوە بێبەری نەبن لە خوێندنەوە و ڕەخنەی جددی. ئاقاری دووەم لایەنگران و هۆگرانی جیهان و شیعری کلاسیک بوون کە بە هەمان ئۆنتۆلۆژی و خولیاپەرستییەوە لە جیهانی کلاسیکدا ماونەتەوە و زۆرینەیان لە باشترین حاڵەتدا نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی شیعرە مامناوەندییەکانی نالی و شیعرە بڵندەکانی مەحوی و... زۆرینەی زۆری هەوڵی ئاقاری دووەم لە جۆرێک نۆستالژی و تاسووق بۆ جیهانی حوجرەیی و بێگەردیی شیعری کلاسیک و لە ئەنجامدا دووپاتکردنەوەیەکی سەرکەوتووی ئەزموونە کلاسیکییەکان خۆیان دەبیننەوە، هەر چەند وەکوو گوتم دەبێ لە قسەکردنی ڕەها و یەکلایەنە لەم بارەوە پارێز بکەین چونکە شاعیرانی کلاسیکی واش هەن کە ناکەونە ئەم دەستەبەندییەوە و توانیویانە هەندێ تێم و مانا و تەنانەت تەکنیکی نوێش بهێننە ناو قاڵبە شیعرییە کلاسیکییەکانیان و هەوڵەکانیان بەدەر بووە لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی ڕۆتین و ڕواڵەتی مۆدێرن و ئەمرۆیی بۆ ئەوەی خوێنەر بخەنە خەیاڵی خاوی ئەوەی کە شتێکی تازەیان داهێناوە و فۆرمێکی نوێیان لە جیهان و قاڵبێکی کلاسیکی خستووەتە ڕوو. لە شاعیرانی کلاسیکبێژی مۆدێرنەوە (واتە ئەوانەی پاش سوارە و گۆران هەر لە قەوارەی شیعری کلاسیک و قاڵبەکانیدا شیعریان هەڵدەبەست) ئێمە خاوەنی هەندێک وردە ڕووداوی تازەین لە ڕووی ماناوە. ئەگەر شیعری کلاسیکی کۆنی ئێمە فەزای سرووشت، یار، بێ وەفایی، هیجران، چارەنووس، گلەیی، مەی پەرەستی و نیشتمان بەسەریدا زاڵ بوو، ئەوە لە هەندێک شاعیری کلاسیکی تازەدا تێکەڵکردنی سرووشت و عەشق و یار بە ڕۆحێکی حەماسی و خاکپەرەستییەوە، ڕێگە بە هەندێ تێم و مانا وەکوو هیجران و یار لێژ دەکات و وەکوو وردە ڕووداوێک دێتە کایەوە ئەگەرچی ئەمەش ڕەگ و ڕەچەڵەکێکی تازەی نییە، چەند شۆڕشگێڕی شاعیرمان هەبووە کە هەم عاشق بووە و هەمیش نیشتمانپەرەست و هەمیش کلاسیکی؟ بێگومان وەڵامەکە ڕوونە. لایەن و باسی سەر ئەم وردە ڕووداو و دەرکەوتە و میسداقەکانی زۆر قسە هەڵدەگرێت و لێرەدا ناپەرژێمە سەری. مێژووی ئێمە و ئەدەبی ئێمە تا ڕادەیەکی زاڵ و زۆر، شۆڕشگێڕانە و حەماسی بووە. بۆیە دەستەواژەی وردە ڕووداوم لەسەرەوە بەکارهێنا، چوون لە هەندێک لە شاعیراندا هەرچی لەو ڕەگ و ڕیشە مێژووییە دووردەکەوینەوە، دەنگ و زایەڵەی ڕووداوەکە کەمتر دەبێتەوە و ئێمە دەبێت دیسانەوە بێینە سەر هەواری بیرکردنەوە لە داهێنان و مانا و دەلالەتەکانی.

## شیعری کلاسیک و نوێ لە نێوان حوجرە و شاردا

یەکێک لەو بابەتانەی دەبێت لە جیهانی شیعری کلاسیکدا سەرنجی بدەینێ مۆسیقا و سەروایە کە هەم بەسەر فۆرم و قاڵب، واتە پێکهاتی شیعردا زاڵە و هەمیش هەڵگری جۆرێک لە مۆسیقا و ڕیتمە کە ئەمە لە جیهانی شیعری نوێدا بەو شێوازە نییە یان بە شکڵی تر هەیە، ئێمە لە جیهانی شیعریی نوێدا مۆسیقای دەروونیمان هەیە، بەڵام مۆسیقا لە قاڵبی سەروادا وەکوو مەرج و قاعیدە و یاسایەک ئامادە نییە. خودی ئەم دوو حاڵەتە زەقە لە تایبەتمەندیی، دەرخەری دوو جیهانی ژینکراوی (Life world) تایبەت بە هەرکام لەم جیهانانەن، واتە شیعری کلاسیکی زایەڵە و نەوای جیهانێکی نەریتی (traditional) و سرووشتی و "حوجرەیی" و بێگەرد بووە و شیعری نوێش دەرکەوتەی جیهانی شار و ڕووداوی نوێ و شێوەژیانی تازە. بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە شاعیرێ وا مرخ و دەمودووی کلاسیکیانەی هەیە ناتوانێت فەزای شار تێبگات، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە چەندە ڕێگە بە شار دەدات لە شیعرەکەیدا دەربکەوێت، شار بەهەموو تایبەتمەندی و چاکە و خراپییەکانی. ئێمە هەنووکەش هەندێ شاعیری کلاسیکیمان هەیە کە لە شارە گەورە و پایتەختەکانی ئەورووپا دەژین، بەڵام دەڵێی لە گوندێکی بناری کوردستان دەهۆننەوە و ڕۆحی شیعریان هەر لە نەریت و شێوەڕوانینی ئەوێدا قەتیس ماوەتەوە، بەگشتی شاعیری کلاسیک دەتوانێت شتی تازە و مۆدێرن بخاتە قاڵبەکانی شیعری کلاسیکەوە، بەڵام بە مەرجێک بیر و هزرێکی نوێ و تازەی پەسەند کردبێت و بەتانوپۆی زمانە شیعرییەکەیدا دووراندبێتی. ئەم خەسارە لە شاعیرانی نوێشدا غایب و نادیار نییە، واتە شاعیری نوێخوازی وامان هەیە کە فۆرم و فیگەر و تەکنیکی شیعرەکەی بەرواڵەت نوێ و تازەیە، بەڵام پەیام و هزر و گێڕانەوەیەکی نەریتی و سواو دەخاتە ڕوو. کەواتە ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا گرینگە، خۆی لە چەند جومگە و جەمسەرێکدا دەبینێتەوە؛ یەکەم: کراوەیی و فەزای نوێ کە لە میتافۆڕ (metaphor) و دەربڕینی "شار" دا ناوی دەبەم، دووەم؛ دەرکردنی شیعر لە حاڵەتی پەند و نەسیحەت و درووشم و ئەزموونکردنی جوانیناسی و ئیستاتیکای تایبەت بە مرۆڤی شاعیر کە لەژێر ناوی شیعرییەت پێناسە دەکرێت، سێیەم؛ هێنانەئارای تەکنیک و شێوازی دەربڕینی شیعرگوتن یان گێڕانەوەی شیعری، چوارەم؛ دەرچوون و تێپەڕاندنی مەعریفەی ئەدەبی خۆماڵی و گەیشتن بە هەرێم و سنووری تازەی فام و تێگەیشتن لە خود و دونیا و ئەویدی. ئەم چوار جەمسەرە لە پێوەندی دیالێکتیکی و دانەبڕاودان لەگەڵ یەکدی، بۆ نموونە باوەڕی شاعیر بە مەعریفەی جۆراوجۆری شیعری، دەبێتە هۆی کراوەیی دونیا و زەین و فەزای شیعریی شاعیر و بە پێچەوانەکەشی ئاڕاستەیەکی تر دەبڕێت. ئێستا بۆ لێکدانەوەی شیعری کلاسیک لەلایەن شاعیرێک کە لە ئێستەی ئەم جیهانە ئاڵۆز و بزۆز و دینامیکەی ئێمەدا دەژی، بەڕاستی چ شتێک پێوەر و پێودانگە؟ ئایا شاعیرێکی ئێستەمان کە زیندوو و بۆشناخە و لە ئەورووپا دەژی، نابێت شیعری کلاسیک بڵێت؟ بێگومان من چ حەز بکەم یان نەکەم وەڵام بەڵێیە و تا ئێرە من لە ڕووی لۆژیکییەوە ناتوانم هیچ هەڵوێستێکم هەبێت، بەڵام لەسەر چۆن گوتنی شیعری کلاسیک بێگومان سەرنج و تێڕوانین و قسەی زۆر هەیە. ئایا شاعیرێک لە ڕۆژگای مۆدێرندا تا چەندە دەتوانێ و مافی ئەدەبی و دیسکۆرسیڤ و شیعریی هەیە بە هەمان شێوە باسی سرووشت و نیشتمان و یار و هیجران بکات کە شاعیرانی یەک سەدە یان نیو سەدە پێشی ئەو کردوویانە؟ بێگومان لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ئەم مافەی نییە و ئەگەر شاعیر ئەم مافەش بە خۆی بدا، ئەوا دونیایەکی سواو و دووپاتەکی هێناوەتە بەرهەم و لە هەمان کاتیشدا زەوق و ئاست و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەری هەڵخەڵەتاندووە و شیعرییەتیشی نەک تەنیا بەرەوپێش نەبردووە، بەڵکوو تووشی خەسار و جێکوت کردووە.

## "نیشتمان" لە باوەشی یار و کلاسیکدا

زەقترین دەرکەوتەی ئێمە وەکوو قەوارەیەکی زمانی- کەلتووری و نەتەوەیی لە شیعردا بووە، سەرەڕای خەسار یان لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم حاڵەتە ئۆنتۆلۆژییەی ئێمە، دەبێ بزانین کە شیعر قەت دابڕاو نییە لە واقیع و هەلومەرجێک کە تێیدا دەژین، بەڵام شکڵ و شێوازی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع جیاوازە، واتە واقیع بابەتێکی ڕێژەییە. ئەدەب و شیعری کوردی لە یەک سەدەی ڕابردوودا دابڕاو نەبووە لە ڕۆحی بەرگری و خەونی نیشتمان تا شوێنێک کە جوانیی "سرووشت" و "یار"یش پاساوی خۆیان لە هەرێم و و ڕۆح و زەوینی نیشتمان و وڵات وەردەگرن. لە هەر قۆناغێکدا کە خەبات و شۆڕشی کوردی تووشی نسکۆ و شکان بووە، کاریگەری لەسەر هەست و نەستی شاعیرانیش داناوە، ڕۆحی بەرگری و بەرخۆدانی نیشتمانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان مۆتیڤ (mo-tif) و بنمایەی گشتی شیعری کوردی بووە، ئەگەرچی ئەم حاڵەتە لە هەر پارچەیەک جیاواز بووبێت و تاکە فەزای زاڵی شیعری شاعیرانیش نەبووبێت، واتە بە گشتی ڕۆحی بەرگری و نیشتمانپەرەستی بەردەوام ئامادە بووە بە زمان و دەربڕین و گۆشەنیگای جۆراوجۆر. بەڵام شتێک کە دەبێ سەرنجی بدەینێ، ئەوەیە کە وێناکردن و گێڕانەوەی نیشتمان لەهەر پارچەیەک و لای هەر شاعیرێک چۆناوچۆن بووە؟ واتە شاعیرێکی حیزبی بێگومان جیاواز لە شاعیرێکی سەربەخۆ و ڕۆمانسی دەڕوانێتە نیشتمان، لای شاعیری حیزبی مەترسی بە ئایدیۆلۆژیبوون و بەرتەسکبوونەوەی ماناکانی نیشتمان هەردەم لەئارادایە، ئەگەرچی مەرج نییە ئەم مەزەندە و ئەگەرە بۆ هەموو شاعیرێک کە هۆگریی حیزبی هەیە، بە ڕەوا بزانین. لای شاعیرێک کە لەسەر هەواری حیکمەت و ئایین گیرساوەتەوە مانای نیشتمان جیایە لەچاو شاعیرێک کە بە فەلسەفە و پرسیارەوە دەهۆنێتەوە.

### بۆ ژێر پەرچەمی نیشتمان
### بە سرووودی 'یا کوردستان یا نەمان'

—

دایکان وەک لەناو کابووسێکدا بن و بێ ویستی خۆیان کوڕەکانی خۆیان دەکەن بە قوربانی نیشتیمان، وەک پاڵەوانی ئەفسانەی گریکی بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە بەرەو چارەنووسیان دەچن و چاوەڕێن کوڕەکانیان شەهید بن و بۆیان بگەڕێنەوە لەتابووتێکدا یان لە نایلۆنێکدا، لێرەدا دیسان شاعیر داهێنانێکی جوانی کردووە کە وێنای ئەوەی کردووە چۆن دوای ئەوە ژیان گەمەی بێهوودەیی و پووچی خۆی هەر دووبارە دەکاتەوە. دیسان کچان عاشقی هەمان (نیشتیمان / پیاو) دەبنەوە.

هەرچەندە نیشتیمان خەونێک و ئەفسانەیەکی بەدی نەهاتووە، بەڵام کچان هەر بەردەوامن لە خۆشەویستی بۆ ئەو خاکە و وەک مێرولە دەڕژێنە پەرستگای خاک، دیسانەوە پیاوە چاوباشقاڵەکەی نیشتیمان هەڵیاندەخەڵەتێنێ و بە قوربانی خۆیان دەکات؛

**(کچەکانیش**
**کچانی نیشتمان زەردترین گەڵاَن**
**لەسەر ماتەمی وەرزەکان**
**جەستەیان کردۆتە کەموڵەی خەون**
**کەموڵەی ئەفسوونی نیشتمان**
**خۆیان گرمۆڵە کردووە و**
**وەک مێروولە دەڕژێنە ناو پەرستگای خاک**
**لە مەراسیمێکی دۆزەخیدا**
**خۆیان دەبەخشن بەو زاتە موبارەکە....)**

—

دوای ئەوەی کە کچان عاشقی نیشتیمان دەبن و دەست دەخەنە ناو دەستە شەهوەتییەکانیان، شاعیر دەڵێ (جوانیی دەکەوێ)، باشە بۆچی جوانی دەکەوێت. بە دید و بیرکردنەوەی کێ و بۆچی دوای شەهوەت و لەدەستدانی پاکیزەیی دەبێت ئافرەت ناشرین بێت و کێ لە بەرەودان بەم کولتووورە بەرپرسە، پیاو چەند بەرپرسیارە ئایینیش هەر ئەوەندە، تەنانەت ژنانیش لەم کولتوورە دژ بەژنە بەشدارن؛

**(لە پڕ جوانی دەکەوێ ....**
**ئاوڕ دەدەینەوە و بیرمان دەچێتەوە ئێمە کێین**
**لە کوێوە هاتووین و**
**بەرەو کوێ دەچین؟**
**ئێمە دەبینە پەندی سەردەم و**
**نەخشی سەر سیمای نیشتمان**
**نیشتمانیش لە سیمای سیاسییەکی براکوژ**
**لە سیمای پیاوێکی شەرەفپارێز**
**لە سیمای برایەکی خوشککوژ**
**لە سیمای باوکێکی هۆشکوژ**
**لە سیمای هەرزەکارێکی خۆکوژ**
**ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە و......)**

لێرەدا بەئاشکرا ڕووەکانی (پیاو/ نیشتیمان) دەردەکەوێت کە ئەو پیاوە براکوژە، شەرەفپارێزە، خوشککوژە، باوکێکی هۆشکوژە، هەرزەکارێکی خۆکوژە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو سیفەتانەی کاتێ کە چڕنووک لە کچان دەگرێت، لە بێئاگاییاندا هەر موچڕکی خۆشی بەگیانیاندا دێت و سەرگەردان دەبن، تەنانەت دەبن بە سەرگەردانترین گەردی دونیا.

لە کۆتاییدا منێک قسە دەکات کە جیایە لەو هەموو ژنانەی نیشتیمان، چونکە ئاسانی ئەو وشەیە و پەرستگای نووسینە و گەیشتووەتە وێستگەی هۆشیاری و دەتوانێت بڕیار بدات و لەو (پیاو/ نیشتیمانە) جیابێتەوە و وەک کەسێکی ناحەز سەیری بکات و ناهێڵێت چارەنووسی وی وەک ئەوانی دی بێت. ئەم تەڵاقە تەڵاقی هەموو ئەو کولتوورەیە وجیابوونەوە لەشێوە ژیانێک کە ژنی هۆشیار ئیتر ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکات و دەیەوێت چیتر بڕیاری ژیان و چارەنووسی لەدەست خۆی بێت.

**(منیش گەڵایەکم ئاسۆییانە دەفڕم**
**ئاسمانم وشە و پەرستگام نووسین**
**لە یەکەمین وێستگای هۆشیاریدا**
**بڕیارنامەی تەڵاق دادەڕێژم)**

ئەو گەڵایەکە ئاسۆیی دەفرێت بەومانایەی ژنانی تری ناهۆشیار تەنها گەڵایەکن لەسەر دار بە چڕنووکی پیاو هەڵدەوەرن. ئەو ئەم چارەنووسەی نابێت، چونکە هۆشیارە و گەیشتووەتە یەکەمین ویستگەی هۆشیاری و خۆی دۆزیوەتەوە.

نەزەند لەم تێکستەدا گەیشتووەتە ترۆپکی داهێنان، ئەم شیعرەی نەزەند دەکرێت زۆر زیاتر قسەی لەسەر بکرێت و ئەمە دوا قسە نابێت. دڵنیام کاریگەری و شوێنی لایقی خۆی دەبێت بدرێتێ، هەرچەندە ئەم شیعرە لە زۆر ڕووەوە هەندێک ڕستەی لە پارۆل و هوتاف دەچێت، بەڵام ئەمە لە جوانیی شیعرەکەی کەم نەکردووەتەوە، چونکە هەندێکیان هەر خۆیان پارۆلن (هوتافی شۆڕشگێڕین کە هی خۆی نییە) ، جوانترە کە شاعیر ڕستەکانی هیچ ڕاستەوخۆییەکی تێدا نەبێت، بەڵام بەگوێرەی بابەت ئەمە لە هەموو شیعرێکدا ئیمکان نییە بێتەدی. هەموو شاعیرێکیش ناکرێت وەک چۆن ئێمە دەمانەوێت، بۆمان بنووسێت.

*پرۆتاگۆنیست؛ پاڵەوان. کەسی یەکەمی تێکست.

(1) سەرچاوە؛
Nazand Begikhani، Promenade with John ©
.Donne، Ghazalnus، Kurdistan، April 2017

# لە تیرۆری پاشای گەورەوە تا جمهووریی رواندز



◄ ئاسۆ مامزادە



بەشی دووەم

**پاشای گەورە، کەسایەتی و سیستەمی حوکم و سەربازی و دارایی، لەشکرکێشی و شەڕەکانی بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی**

میر محەممەد، کوڕی میر مستەفا بەگ و بووک شازەمان لە 28/11/1783 یان 13/11/1784 لە رواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران لەدایکبووە، بووک شازەمان زۆر کەیخوداژن و تێگەیشتوو و خاوەن پێگەیەکی بەرز و بە ڕاوتەگبیر بووە و لە بواری کارگێڕیشدا عاقڵمەند بووە.

محەممەد هەر لە منداڵییەوە خرایە بەر خوێندن، میرمستەفا بەگی باوکی، مامۆستا محەممەد ئیبنولئادەمی دێڵزەیی کە یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی ئەوکاتی کوردستان، بانگهێشت دەکات بۆ پایتەخت و مزگەوت و قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ دروست دەکات و محەممەدی کوڕی لەلا دادەنێت بۆ ئەوەی فێری خوێندەواری بێت.

میر محەممەد کەسایەتییەکی زانستخواز، ئایندار، ئاوەدانیخواز و سەربەخۆییخواز بووە و هەروەها زۆر دادپەروەر بووە.

وەک لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد: بەهۆی ئەوەی براکانی میر مستەفا ملیان بۆ بڕیارەکانی میر نەدەدا و هەردەم کێشەیەکیان بۆ پایتەخت دەنایەوە، مستەفا بەگ لە حوکم وەڕز بوو، دەیویست حکومەت تەسلیمی براکانی بکات، بەڵام لە ژێر کاریگەریی ژنەکەی (بووک شازەمان) ساڵی 1813 لە دووی (محەممەد)ی نارد و داوای لێکرد جێگای بگرێتەوە. محەممەد سێ مەرجی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دانا؛

1-باوکی شەست هەزار و دایکی سی هەزار ڕیاڵی بدەنێ

2-باوکی بە هیچ جۆرێک خۆی لە کاروباری دەوڵەتەکەی نەگەیێنێت.

3-باوکی لە پایتەخت نەمێنێت و لە یەکێک لە کۆشکەکانی میرنشین لە دێی ئاکۆیان دانیشێت.

مستەفابەگ سەرەتا ڕازی نەبوو، دەترسا محەممەد هەموو برا و خزمەکانی بخنکێنێت، بەڵام ساڵی دواتر لەدووی ناردەوە و هەر سێ مەرجەکەی قبووڵ کرد. دکتۆر ڕۆس زۆر دواتر لە 19/5/1833 چووەتە لای مستەفا بەگ لە کۆشکی ئاکۆیان و چاوی دەرمان کردووە.

میر محەممەد یەکەم پایەکانی دەسەڵاتی بە لەناوبردنی ڕکابەرە ناوخۆییەکانی دەستپێدەکات و پاشان دەست دەکات بە نۆژەنکردنەوەی قەڵا کۆنەکان و دروستکردنی قەڵای نوێ. ئەوجار دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی سوپای سۆران و بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری میرنشینیش دیوانێکی بەڕێوەبەریی زۆر بە زیپکوزاکوونی دامەزراند.

شەش قۆناغی فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی

**قۆناغی یەکەم:** 1814، پایتەخت

میر لە شاری رواندز لەسەر تەختی پاشایەتیی سۆران دادەنیشێت و یەکەم پایەکانی دەسەڵاتی دادەمەزرێنێت:

1 – لەشکر و چەک: کڕینی چەکێکی زۆر و پێکهێنانی نزیکەی سێ هەزار سەرباز بە بەرگی تایبەت و مووچەی دیاریکراو.

2 – قایمکردنی پایتەخت: دروستکردنی قەڵا، کۆنگرە (دیوانی پانی بەرز کە سەری ددان – ددان دروستکراوە، بۆ بەرگریکردنی سەرباز لە نێوان یان لە پشتی دیوارەکانی)، بنکەی سەربازی، جبەخانە، ڕێگاوبان و پرد، ئاوکێشان و... بناغەدانانی شوورەی بەرگری لە دەوری پایتەخت (20/7 –18/8/1814).

3– سەپاندنی ئەوپەڕی هێمنی و ئاسایش: دانانی پۆلیسی سوارە لەسەر هەموو ڕێ و بانەکانی رواندز، سزای ئەوپەڕی سەخت بۆ تاوانباران. فرەیزەر لە (1834) و شێر لە هەندێک تۆماردا کە لە 1910 بڵاوی کردنەوە، ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە.

4– دامەزراندنی هەواڵگریی یەکجار چالاک و کارا بە وەزیفەی بەردەوام، کە لە داهاتوو دا هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی گرتەوە.

5 – قەڵاچۆکردنی ناوەندەکانی تری هێز لە سنووری میرنشینەکەیدا کە لەلایەن مامەکانی تریەوە لە شارەکانی تر هەبوون و ملیان بۆ پایتەخت کەج نەدەکرد.

6 – دابینکردنی ڕێیەک کە هەر مرۆڤێکی قەڵەمڕەوەکەی بتوانێت هەر گازندەیەک بە میر بگەیێنێت.

7 – ڕاگەیاندنێکی بەهێز: دەبێت بەشێکی شەڕی ڕەوانی و ئیستیخباراتی بووبێت.

8 – شەیدای پەرەپێدانی سەنعەتی لەشکر بووە: (چەکسازی و کۆنگرە و قەڵای ئاسێ).

9 – گەشاندنەوەی ئابووری: لەبەر ئەو ئاسایشەی بەرپای کردووە، کوردی میرنشینەکانی تری وەک بابان کە لەدەست چەوساندنەوەی بەگەکان ڕایانکردووە، هانی داون بچنە سنووری قەڵەمڕەوی سۆرانەوە.

10 – داهێنانی فەزای سەربازیی زۆر بە زەبر: هەر لەو ڕووەشە ڕەشبەڵەکی قەدەغە کردووە و بە کاری پیاوی سەربازی نەزانیوە، نەک لە ڕووی ئایینیەوە، هەر زۆر لە "مزگەوت پاڵدانەوە" تووڕە بووە، بەرهەمی هەر چالاکیەکی لە هێزی ماددیی دەوڵەتدا دەدیت.

**قۆناغی دووەم:** 1815، هەودیان، ڕۆست و سیدەکان:

ئەوانە ناوەندی هێزی مامەکانی: (میر تەمەرخان بەگ و یەحیا بەگ و هاوپەیمانەکانیان) بوون، هەموویانی تەفروتونا کردن و پاش لەسێدارەدانیان لە رواندز نێژران.

**قۆناغی سێیەم: 1816:** برادۆست، مەرگەوەڕ، شنۆ، شێروان، لایەکی زێبار:

برادۆست: قەڵای (هەرکیلا)ی مەحموود بەگی کوڕی سەلیم خان.

قەڵای (سارداو)ی حەسەن بەگی برادۆست.

شنۆ و مەرگەوەڕ: قەڵاکانی (نەڵۆس) و (لیتان).

شێروان: قەڵای (کەکڵە)ی حەسەن بەگی شێروانی.

زێبار: لەشکری عەزۆ ئاغای سەبتی و جەوەرئاغای نەقبووکی بەرەنگاری سوپای سۆران بوونەوە، بەڵام شکان و قەڵای زێباریش گیرا. ئەو دوو گەورە پیاوە گیران و بردیاننە لای میر و دواتر ژەهرخواردی کردن.

نێوانی قۆناغی سێیەم و چوارەم (1817 تا نۆڤەمبەری 1822)

پشوودان لە شەڕ و خۆتەیارکردن: کەڵکوەرگرتن لە دەستکەوتەکان، ئاوەدانکردنەوەی وڵات (ڕێوبان و پرد و قەڵا و کاروانسەرا و..) لەشکر: 15 هەزار سەرباز. تەکنیک: کانسازی، دروستکردنی جۆرەها چەک..

**قۆناغی چوارەم:** نۆڤەمبەری 1822 – 1824: حەریر و خۆشناوەتی، هەولێر و دەشتی هەولێر تا پردێ:

سنووری سۆران و بابان: زێی کۆیە (زێی گچکە)

حەریر: میر چووە سەر حەریر، بابانەکان بەبێ شەڕ لێی دەرچوون.

خۆشناوەتی: دوای شەڕێکی قورس، "میرانی بایزبەگ" (میری خۆشناوان) بە پەیمان تەسلیم بوو.

قەڵای دێرە: بابانەکان ئەوێشیان بەبێ شەڕ بەجێهێشت و چوونە کۆیە.

هەولێر: لەو دەمەدا، میر، جگە لە سوپای سۆران، لەشکری (خۆشناو و سوورچی و زراری و کۆڕێ)یشی لەگەڵ بوون و هەموو لە قەڵای دێرە کۆببوونەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوون، بەو حاڵەشەوە زۆر بە دژواری قەڵای هەولێری گرت (21/5/1833)، پاشان ژنبرایەکی خۆی (خدربەگی بایز بەگ)ی کردە حاکمی هەولێر.

دەشتی هەولێر:

هێرشی یەکەم؛ شکست بەهۆی بێسەروبەریی عەشیرەتێک

میر هێزێکی بە فەرماندەیی "ڕەسووڵ بەگ"ی برای بۆ لێدانی دزەیی و هێندێک عارەب کە سەریان نەدەچەماند نارد (23/8/1823). هەرچەندە لەشکری دەوڵەتی سۆران ئەوپەڕی بە پرەنسیپ و خۆشەویستی گەل بوو، بەڵام لەو شەڕەدا هێزی عەشیرەتیش بەشدار بوون کە نەیاندەتوانی دەست لە تاڵان و بڕۆ هەڵگرن. عەشیرەتی زەرزا بە سەرکردەیی حەسەن ڕەشوانی کەوتنە تاڵانی خەڵک و خەڵکیش ئەوەیان لەسەر میر حیساب کرد، لە ئەنجامدا لە بەرامبەر دزەیی و عارەبان شکان و لە 6/10/1823 گەڕانەوە پایتەخت.


هێرشی دووەم؛ لە هێرشی دووەمدا بە هەمان ئامانج و هەر بە سەرکردەیی ڕەسووڵ بەگ بەڵام تەنیا بە لەشکری نیزامی، سەرکەوتن و دزەیی و هەموو عەشیرەتەکانی ئەو مەڵبەندە خرانە ژێر فەرمانەوە و "شێخ حەموود"ی عارەب گیرا و بە دیلی ناردرایە هەولێر.

نێوانی قۆناغی چوارەم و پێنجەم (کۆتایی 1824، 1825، 1826)

پشوودان لە شەڕ، جێگیرکردنی دەستکەوت (دروستکردنی قەڵای نوێ و خۆتەیارکردن لە چەک و جبەخانە، چالاکیی دیپلۆماسی، ئیستخباراتی، دروستکردنی تابووری پێنجەم و شەڕی ڕەوانی.

**قۆناغی پێنجەم:** 1827 - 1828: کۆیە و ڕانیە، سەلماندنی سنووری قەمچووغە

کۆیە: میر لە (24/8 – 28/9/1827 چووە سەر کۆیە و بابانەکان بەبێ شەڕ لێی دەرچوون.



نەخشەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی سۆران، سەرەتای ساڵی ١٨٣٤

رانیە: پاشای گەورە لە نێوان (20/12/1827 تا 17/1/1828) چووە سەر ڕانیە و بابانەکان ئەوێشیان بەبێ شەڕ بەجێهێشت و گەڕانەوە سلێمانی.

سەلماندنی سنووری قەمچووغە: مەحموود پاشای بابان کە لەبەر شەڕ و هەرای ناوخۆیی نەیدەتوانی بەرگری لە سنوورەکانی بکات، ناچار بە پەیمانێکی ڕەسمی "قەمچووغە"ی بە سنووری نێوان بابان و سۆران سەلماند. میر بۆ لەشکر و دانەوێڵە، شوورەیەک و شەش کۆنگرەی لەوێ دروستکردن و بە دەستوورێکی باش دایمەزراندن.

نێوانی قۆناغی پێنجەم و شەشەم (1829 تا 1831)

پشوویەکی سەربازی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی:

میر ساڵی 1830 هەلی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی لەبار دیت. حکومەتی عوسمانی لە نشێوێکی سەختدایە و تا دێت پتر دەشکێت، یۆنان یەک دوو ساڵە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە و عوسمانییش بۆی سەلماندووە. لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر ڕووسیەشدا شکاوە و محەممەد پاشای میسر بە تەواوی سەربەخۆیە و کەوتووەتە گرتنی قەڵەمڕەوی عوسمانی و پێشیان بۆ ناگیرێت، هاوکات لەگەڵ میر محەممەدیش هاوپەیمانە و هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکییان لە بەینەدا هەیە. ئێران سەرقاڵی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی "خوراسان و کرمان و یەزد"ە و بە دەست ململانێی ناوخۆیی دەربار لەسەر تاج و تەخت دەناڵێنێ و لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی خۆی کێشەی زۆر جیددی هەیە کە دەستی ڕاستەوخۆی بەریتانیای تێدایە. داود پاشای والیی بەغداش گوێ بە سوڵتان مەحموودی دووەم نادات. پاشای گەورە لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووە، بابانی کپ کردووە و هێزی سەربازیی ئێستا لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت دەوری پتر ببینێت.

میر، ساڵی 1830 سەربەخۆیی تەواوی ڕاگەیاند و ئیعتراف و پیرۆزبایی دەوڵەتی ئێران و میرەکانی موکری و چاری (چهری) و هەکاری و داوود پاشای والیی بەغدای یەک لە دوای یەک پێگەیشتن. ئیتر لێرەوە شانشینی سۆران لەدایک دەبێت. داوود پاشا مەلا محەممەد (مەلای خەتێ)ی بە دیارییەوە نارده لای میر و بەم شێوەیە مەلای خەتێ بە فەرمی دەبێتە مفتیی شانشینی سۆران.

**قۆناغی شەشەم:** 1831 – 1832 تا 1834: شنگال و بادینان و باکوور تا ماردین و بەشێکی لاجان و موکریان

شنگال: میر لە 12/6/1831 تا 30/5/1832 چووە سەر داسنی (ئێزدی)یەکان و دوای شەڕێکی قورس، ئەوێشی گرت.

زاخۆ: میر لەشکرێکی بە فەرماندەیی "شاڵی بەگ" نارده سەری و گرتی.

ئامێدی: خەڵکێکی زۆر لە ئامێدی ببوونە دۆستی میر و هەر ئەوانەش شار و قەڵای ئامێدییان بەبێ شەڕ تەسلیمی میر کرد. پاشای گەورە، مووسا پاشای میری ئامێدی هەر بە ناوی حاکم لەوێ هێشتەوە و دەستە لەشکرێکیشی لا بەجێهێشت.

(1833-1834) میر بەهرەی لە کێشە ناوخۆییەکانی بادینان وەرگرت. میرنشینی بادینان تا ڕادەیەکی زۆر بە هاسانی لە شانشینی سۆراندا دەتوێتەوە و بە زوویی سۆران و بادینان دەبن بە یەک (1835).

قەڵاکانی ئاکرێ، زێبار، دهۆک، (بۆ ماوەیەک جزیرە)، کەنیسەی ئەلقووش و دێر هورمز (کە بە تکای ڕەبەنەکان کوشتاری ڕاگرت)، نسێبین و ماردین یەک لە دوای یەک گیران و خۆیان بە دەستەوە دا و میر ئیتر گەڕایەوە پایتەخت. (21/5/1833 – 9/5/1834).

بەشێکی لاجان و موکریان: میر کاتێک کە خۆی ڕووی کردە بادینان، لەشکرێکی بە فەرماندەیی "شامراد بەگ" نارده سەر لاجان و موکریان. شامراد بەگ "لاجان"ی گرت و لە گوندەکانی "نەڵۆس" و "پەسوێ" قەڵای دروست کردن و کۆنە قەڵایەکی گوندی "جەران"یشی نۆژەن کردەوە. فەتح عەلیشای قاجار فەرمانی دا بە نائیبولسەڵتەنە کە بچێت پێش بە شامرادبەگ بگرێت، شامراد هەموو هێزی شای ئێرانی کە کوردیشیان لەگەڵ بوون، شڕ کردن و کەرەستەی یەکجار زۆری شەڕی کەوتە دەست و گەڕایەوە پەسوێ (1831 – 1832).

پاش ئەوەی ئاغامحەمەدخانی قاجار بوو بە شای ئێران، لەگەڵ پاشای گەورەدا کەوتە نێوان چاککردن و پەیمانی ئاشتییان مۆر کرد و ئیتر میر دەستی لە لاجان هەڵگرت.

**ڕژێمی حوکم**

میر: پادشای موتڵەق، مۆتۆری سەرەکیی هەڵسوڕاندنی کاروباری شانشین. سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری و کۆمەڵێک سەرهەنگی جێی متمانەی لەبەردەست بوون، بەڵام کاتێک کە لە پایتەخت بووبێ هیچ بڕیارێک بەبێ خۆی نەدراوە. سیاسەتی دەرەوە و دەزگای ئاسایش و لەشکر لە ژێر فەرمانی خۆی بوون.

کارپەزیر: (سەرۆک وەزیران): "ڕەسووڵ بەگ"ی برای میر محەممەد بووە، کەمتر ڕێی داوە لە پایتەخت بمێنێتەوە، یا فەرماندەی لەشکرێکی میر بووە و لەمەیدانی شەڕ دا بووە، یان لە ئامێدی دانراوە.

سەرهەنگی سەرهەنگەکان: (وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکان): "ئەحمەد بەگ"ی برای میر. پێدەچێت ئەم زۆرترین دەسەڵاتی پێ درابێت، ڕاپۆرتەکانی دەزگای ئاسایشی کە بە سەرۆکایەتیی ئەرکانەوە گرێدرابوو، ڕۆژ بە ڕۆژ داوەتە میر و ئەگەریش میر لە پایتەخت نەبووبێت، ئەوی لە جێگای خۆی داناوە.

سەرهەنگەکان: سەرهەنگ پلەی "جەنەراڵ"ی ئێستا بووە و بە فەرمانی میر دراوە بە چەند کەسێکی دەگمەن. سەرهەنگەکان لە پایتەخت پایەکانی ئیدارەی میر بوون و فەرماندەیی شەڕیشیان کردووە.

شەش سەرهەنگی بەناوبانگی سەردەمی میر محەممەد ئەمانە بوون؛ سەرهەنگ حەمەدی سۆفی، سەرهەنگ حەمەدی شیرین، حەمەدی شێروانی، سوراو، مامیس و عەبدوڵڵا ئاکۆیی.

**ژێرخان و دارایی**

لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی تایبەتی پێ نەکراوە، بەڵام ئاسایشی قەڵەمڕەوی دەوڵەت حەتمەن بۆ بەرهەمی ئابووری بەکەڵک بووە. پرد و ڕێگاوبان و قەڵا و کۆنگرە، هەرچەندە زۆرتر بە مەبەستی سەربازی دروست کراون، بەڵام بۆ بازرگانی و پەرەسەندنی ئابووری ژێرخانێکی گرینگن.

میر لە "گەلیی مێگر"ەوە ئاوی بە جۆگەدا کێشاوەتە نێو قەڵای رواندزەوە و حوزنی دەڵێت ئەمڕۆش (1935) ئەو ئاوە بەکاردەهێنرێت.

میر لە ساڵی 1816 وەستایەکی تورکی لە "ورمێ"وە هێناوەتە پایتەخت کە ناوی "خان گێلدی" بووە، ڕەنگە چەخماخساز بووبێت و کردوویە بە سەرپەرشتی سێ لکی سەنعەت: خەنجەرسازی و زێڕینگەری و دارتاشی.

"وەستا برایمی ماویلی" کراوە بە بەرپرسی دروستکردنی شوورە و قەڵا و کۆنگرە و پرد و ڕێوبان و خانووبەرە و پرۆژەکانی ئاو.

"حاجی مستەفا ئاغا"ی خەڵکی "هەنارەباتاس و سوورچی" کراوە بە بەرپرسی بازرگانی. بەوپێیە کشتوکاڵ و بازرگانی و سەنعەت دەبێت لە دۆخێکی زۆر باشدا بووبن.

لەو سەردەمەدا سێ خەزێنەدار لە پایتەخت هەبوون:

"فەقێ ئەحمەدی خەتێ" خەزێنەداری تایبەتی دیوانی میر بووە و "جیرە و نانی هەژاران و عولەما و بێ دەسەڵاتان"ی داوە.

"فەقێ وسووی جۆلەمێرگی" خەزێنەداری خەرج و خەراج وماڵیە و باج بووە. مووچەی هێزی چەکدار و بیناسازی و ئاوەدانی لای ئەو بووە.

"محەممەد شاتر": خەڵات و بەخشش و نیشان، حیسابی لای ئەو بووە.

هەر پارەیەکی داهات و دەرچوو، بە وردی و ڕێکوپێکی دەنووسرا. حوزنی باسی کۆبوونەوەی حەفتانەی کاربەدەستان لە پایتەخت دەکات.

میر محەممەد پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حەوت جۆر دراوی دروست کردووە:-1 یوزلغ -2ریاڵ،-3 قروش،-4 تەنیگر،-5جلق،-6خودابەندە، -7شایی، لەوانە هەندێک زێڕ و هەندێک زیو و هێندێکیش مس بوون. حوزنی دەڵێت کە خۆی "جلق" و "خودابەندە"ی هەبوون کە مس بوون و "تەنیگر"یشی هەبووە کە زیو بووە؛ ڕێکەوتی سەریان سواوە بەڵام لە دیوێکی نووسراوە: "الامیر المنصور محمد بیگ" لە دیوەکەی تریشی نووسراوە "ضرب فی رواندز".

لەشکر و چەک و جلی یەکپۆش (یونیفۆرم)

میر و سەرهەنگ و کارپەزیر: شاڵی تورمەیان لەسەر دەنا. میر کەوڵی سمۆرە و سەرهەنگ و کارپەزیر پەستەکی درێژی هەتا سەر ئەژنۆیان لەبەر دەکرد.

میر کە سەردانی پایتەختی دەکرد، چوار گاردی تایبەتی، ستافی زیو بە دەست لە پێشییەوە دەڕۆیشتن و لە سەرادا هەر ئەوان ڕێگای چوونە ژوورەوەیان هەبوو.

بەرگی سەرهەنگەکان (جەنەراڵەکان): وێڕای شاڵی تورمە و کەوڵی سمۆرە و پەستەکی سەر ئەژنۆ کە باسمان کرد، ڕانک و چۆغەی ئاوریشمچن، مەرەزی خەتێک سپی و یەکی ڕەش تێیدا، کڵاوی لبادی لای گوێی ڕاستی بە درێژیی بستێک بە بەردراوەیی.

بەرگی سوارە: ڕانک و چۆغەی ڕەشی پێ ئاوریشم، جووتە دەمانچەی قەرەبینا بە قەڵپووزی زینەوە هەڵواسراو، شیرێک بە تەنیشتەوە و تفەنگی کورتی ڕەشۆکیی بازنە زیو.

بەرگی پیادە: ڕانک و چۆغەی زەرد، کڵاوی لبادی ڕەنگی خاکی.

چەک: دەمانچەی قەرەبینا، تفەنگی ئەستی و بەردوباڕووت و ساچمە و گوللەدانی شاخی و، چەوریدان و سوغرە دەمانچە (لەوانەیە مەبەست لە جۆرێک جانتای چەرمیی دەمانچە بووبێت کە (ساغری)یان پێ گوتووە.

بەوجۆرە، هێزی جیاواز، بەرگی جیاواز و ڕەمزی جیاوازیان هەبوو. بەرگی ڕەسمیی کرێکارانی کارگەکان (بە نموونە کارگەی دروستکردنی تۆپ لە گەڕەکی کاولۆکان یا دارتاشان و ..) دیار نییە چۆن بووە. بەڵام وەستا ڕەجەب خۆی لە ڕیزی سەرهەنگانی هەرە بەڕێز دانراوە، کەواتە هەر دەبێ بەرگیشی هی سەرهەنگان بووبێت. میر محەممەد پێشتر وەستا ڕەجەب دەنێرێت بۆ پاریس بۆ ئەوەی فێری دروستکردنی تۆپ بێت و پاش گەڕانەوەی بۆ پایتەخت 200 تۆپ و هەزاران گوللە تۆپ دروست دەکات.

ساڵی 1831 سوپای شانشینی سۆران خاوەنی نزیکەی 25 هەزار پیادە و 15 هەزار سوارە بووە.

**سەرچاوەکانی بەشی دووەم:**

**1 – شێرکۆ هەژار / ڕژێمی ڕواندزی سەردەمی پاشای کوڕە / چاپی یەکەم 2013، لاپەڕەکانی 19 – 32.**

**2 – لازاریف، محوێ، واسیلییەوا، حەسرەتیان، ژیگالینا / مێژووی کوردستان / وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەنسوور سدقی، کامەران ئەمین ئاوە/ دەزگای فرووغ، چاپی یەکەم: بەهاری 2007 ، لاپەڕەکانی 104 – 108.**

**3 – مەغدید حاجی ئەمین / سێ توێژینەوەی مێژوویی، توێژینەوەی سێهەم: کەسایەتیی میر محەممەد پاشای ڕواندز ی / چاپی یەکەم، هەولێر 2018، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لاپەڕەکانی 149 – 153.**